سەید حەکیم: تەواوکردنی کابینەی حکومی پێویستی بە ڕێکەوتنێکی سیاسی و وەزیری کارامە هەیە بە ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژە ئابوورییەکان

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە شاندێکی هاوپەیمانێتی عەقدی نیشتمانی کرد کە بەسەرکایەتی بەڕێز خالید ئەلگبیان بوو، لم دیدارە هەردوو لایەن باسی پێشهاتەکانی دەخی سیاسی و تەواوکردنی کابینەی حکومییان کرد و سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە زوو کابینەی حکومەت تەواو بکرێت و وەزیری کارامە و دەستپاك دابنرێن کە بتوانن بەرپرسیارێتی ئەو دەخە سەختە هەڵبگرن.

سەید حەکیم ئاماژەی بەوەدا کە کابەری ئابووری زۆر سەختە، بە لەبەرچاوگرتنی دابەزینی داهاتی نەوت و پشتبەستنی تەواوەتی عێراق بەوەوە، ڕوونیشیکردەوە کە عێراق وەك تەکە خاوەنی توانایەکی گەورەی ئابووریە، بەڵام بەدەست کەمی نەختینەی دارایی‌وە دەناڵێنێت، سەماحەتی داوای تەگەیشتنی لەم دەخە کرد و پشتیوانی حکومەت لە هەنگاو و ڕەکارەکانی کرد کە ئامانج لێی هاندانی ئابووری و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵییە..

.

لە کۆتاییدا بەڕێزیان جەختی لە گرنگی یەکێزی لە چوارچێوەی هەماهەنگی و لە نێوان هەموو پارت و پێکهاتەکاندا کردەوە و جەختی لێوە کردەوە کە یەکگرتوویی ناوخێیی لەناو هەر پێکهاتەیەکدا دەبێتە هۆی یەکگرتوویی نیشتمانی و سەقامگیری سیاسی و کەمەڵایەتی بەهێز دەکات، هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد کە عێراق هەنگاوی بەرچاو بەرەو پتەوکردنی سەقامگیری و دیموکراسی و پەنابردن بە یاسا و دەستوور لە چارەسەرکردنی ناکۆکیەکاندا دەنێت...